### عەبدوڵڵا تۆفیق:

# پێویستە ڕێکخراو و سەنتەرەکان توانا شاراوەکانی گەنجان بدۆزنەوە

**عەبدوڵڵا:** لەم چەند ساڵەی رابردوودا چەندین سەنتەر و ناوەند و رێکخراوی گەنجان دروستبوون کە باوەشیان بۆ گەنجان کردووەتەوە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ئامانجی هەریەک لەم رێکخراو و سەنتەرانە کۆکردنەوەی گەنجانە بۆ ئەوەی سەرقاڵیان بکات بە هەندێک کارەوە لەوانەش، هونەر و وەرزش و مۆسیقا و کۆمپیوتەر و فێرکردنی گەنجان لە زۆر بواری گرنگتردا، ئێستا گەنج بەخواستی خۆی دەتوانێت سەردانی ئەو شوێنانە بکات و بوارێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە و گەشەی تیا بکات.

بەبۆچوونی من ئێستا زۆر لە جاران گەنج بواری بۆ رەخساوە کە خۆی بدۆزێتەوە ئەگەر خۆی هاندەرێک بێت بۆ خودی خۆی، ئەو رێکخراوانەش دەبێت لەبەرئەوە هەبن کە هاوکاری گەنج بکەن لە گەشەکردن و بۆ پێشەوەچوونیان لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، هەتا بەباشی خۆیان بدۆزنەوە، کە ئەمەش پێویستی بە پشتیوانی و هاندان هەیە. لەبەرئەوەی بەتایبەتی گەنجی کورد لە بەرنەبوونی ئەزموونی زۆری لە بورای رێکخراوەیدا، ئەمە بووەتە هۆکارێک کە نموونەی باش و مرۆڤی سەرکەوتوو دەرکەوتوومان کەمە، لەگەڵ ئەمەشدا دەبینم کە گەنجی کورد زوو دەتورێ و زوو دەست لە کار و هەوڵەکانی بۆ داکۆکیکردن لە ژیانی گەنجیەتی هەڵدەگرێت، گەنجی کورد قسەی خەڵکی بەخێرای کاری تێدەکات و بچووکترین رێگر دەبێتە کۆسپ و واز دەهێنێت، لێرەدا بە گرنگی دەزانم کە گەنج دەبێت بەهێزتر بکرێت لە بواری دەروونییەوە کە زیاتر بڕوای بە خۆی هەبێت، کە لەوانەیە پێویست بکات کە رێکخراو و سەنتەرەکان کۆرس و سیمیناری زانستی، دەروونی و تەندروستی رێکبخەن بۆ ئەوەی گەنجان لەو بوارانەدا پێشبکەون و گەنجێکی تەندروست بن.

پێویستە ئەو رێکخراوانە لە رێگەی کۆڕ و سیمینارەوە هەوڵبدەن



**عەبدوڵڵا تۆفیق***

سەرچاوە شاراوەکانی گەنجان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بوێرانەتر کار بکەن بۆ ئەوەی گەشە بکەن و لە رێگەی ئەوانەوە کۆمەڵگا پێشبکەوێت.

ساڵانە بودجەیەکی باش بەو رێکخراو و سەنتەر و ناوەندانە دەدرێت هەروەک دەبینرێت پارەیەکی زۆر لەو بودجەیە هەندێجار خەرج دەکرێت بۆ دروستکردنی گۆرانیبێژ و ئاهەنگگێڕان، هیوادارم پارە خەرج بکرێت بۆ فێربوونی گەنجان لە بواری دڵسۆزی بۆ نیشتمانەکەیان، ژینگەپارێزی، هۆشیاریکردنەوەیان لە بەکارهێنانی مۆبایل و کۆمپیوتەردا، بەکارهێنانی تواناکانی گەنجان بۆ کاری بەرهەمهێنان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە دەستی خۆیان.

ریگەدان بە گەنج کە رەخنە بگرێت بەبێ هیچ بەکارهێنانێکی وشەی روخێنەر و چەوسێنەر نابێت گەنجان خۆیان لەوانیتر بە گەورە یان بچووک بزانن کە بەداخەوە ئەم دیاردانە لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە و دەبێت کەسانی پسپۆڕ لەو بوارانەدا بانگهێش بکرێت بۆ بەستنی کۆڕی لەو بارەوە.

من دەتوانم بڵێم کەبوونی ئەو رێکخراو و سەنتەرانەی گەنجان زۆر گرنگن و دەبێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆرتر پەرە بەو رێکخراوانە بدات و لە پێشەوە ئاگاداری کارەکانیان بێت و کەسانی پسپۆڕ و زانا سەرپەرشتی و چاوساغیان بێت بۆ ئەوەی هەمیشە نموونەی گەنجە هەڵکەوتووەکان ئەگەرچی کەمیشن ببنە نموونەی باش بۆیان.

ئەو سەنتەرانە توانیویانە تا رادەیەک گەنجان لە ناسەرقاڵی و شەڕە بەردی کۆڵانەکان دوربخەنەوە، بەڵام خۆزگە دەکرا بەهۆی راگەیاندنەکانیانەوە گەنجان ئاگادار بکەنەوە لەوەستانیان لەسەر شەقام و جادە گشتییەکاندا و توانج وەشاندنیان لە دایک و خوشکەکانمان، لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە زۆرەوە زۆر هەڵسوکەوتێکی ناشایستەیە، کە دەکرێت بەهۆی راگەیاندنەکان و بەشێوەی دیکە لە سەنتەر و رێکخراوەکاندا بایس لێوە بکرێت بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە بنبڕبێت.

هیواداریشم کە ئەو رێکخراوانە بوێربن لە پشتیوانی گەنجان بۆ ئەوەی ببنە کەسێکی بلیمەت و بە توانا هەتا داهاتوویەکی باشیان هەبێت و گەورەکانمان لەگەنجان بێ هیوا نابن کە کێ کوردستان بەرێت بەرێوە پاش بیست ساڵی دیکە، بێگومان تۆی(گەنج) تۆ گە دەسوتێی بۆ بەمۆدێرکردن و پێشخستنی پرۆسەی گەشەکردن و بەتەندروستکردنی گۆمەڵگای کوردی.

سەرکەوتن و پشتیوانیم بۆ باشترکردنی هەموو ئەو سەنتەر و رێکخراوانەی کە بۆ گەنجان کار دەکەن، هیوادارم بە تەواوی کار بکەن، بێگومان هەڵەتان هەیە، هەڵەش بەشێک دەبێت لەگەشەکردنتان ئەگەر هەڵەکان هەست پێ بکەن و چاکی بکەن، ئەگینا لە شوێنی خۆتاندا دەبێت بمێننەوە کە لە دوایدا تەنها مرۆڤی تەمەڵ و کۆپی یەکتر دروست دەبێت.

*** پسپۆڕی راهێنانە دەروونیەکان- سوێد**